Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

هۆشەنگ شێخ محەمەد

خوێنەری بەرێز ئەم نووسینەش بەشێکی دیکەیە لە لێکۆڵینەوەی ( لە شۆپنهاوەرەوە بۆ نیچە لە جەمیل سائیبەوە بۆ بەختیار عەلی، خوێندنەوەیەك بۆ رەشبینی لە رۆشنبیری کوردیدا)




# شۆپنهاوەر و نیچە:

پەیوەندی شۆپنهاوەر ونیچە لەسەر چەند ئاستێکدا دەکرێ باسی لێوە بکرێت، یەکەمیان لە لایەنی کاریگەریی شۆپنهاوەر لەسەر نیچە، دووەمیان جیابوونەوەی نیچە لە شۆپنهاوەر، سێیەمیان چەمکی ئیرادە لەلایەن شۆپنهاوەر و نیچە. چوارەمیشییان جیاوازی شۆپنهاوەر و نیچە لە پێشبەرییەکانییان بۆ سەوداکردن لەگەڵ ئیرادە و ژیاندا.



نیچە لە ساڵی 1865 دا پەرتووکی (جیهان وەك ئیردە و فکرە) دەخوێنێتەوە،لەبارەی ئەم کتێبەوە دەڵێت: ( ئاوێنەیەك بوو نەوەك تەنیا وێنەی جیهان و ژیانم تێدا دیتەوە،بەڵکو سرووشتی خودی خۆشم بە وێنەکێشراوی دیتەوە، پێموایە شۆپنهاوەر قسەی لەگەڵ من دەکردك هەستم بە خوێنگەرمییەکەی دەکرد وام بەخەیاڵدا هات من لە پێش خۆمدا لە هەموو دیرێکدا دەیبینم و بانگم دەکا بۆ ئەوەی هەستم ئینکاری بکەم و وەڵامی بدەمەوە) (1)

سەرەتای کاریگەری نیچە بە فەلسەفەی شۆپنهاوەرەوە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەبوونی بە دیۆنیسۆس خواوەندی یۆنانی، کە نیچە لەسەرەتای ژیانیدا کەوتە بن کاریگەری ئەو خواوەندە و هەر بۆیەشە هەوڵیدا لە گیانی ئەو خوایە بگات بە خوێندنەوەی شارستانییەتی یۆنانی و شێوازی ئەو خواوەندە کە لە فەیلەسوفەکانی بەر لە سوکرات بەرجەستە بوو، ئەوانەی لە چەرخی تراژیدیای هەقیقی یۆنانیدا ژیابوون و بەرهەمەکەشیان بە جوانترین وێنە لە تراژیدیادا دەرکەوت.

بۆیە کەوتە لێکۆڵینەوە لە فیلۆلۆژیای یۆنانی کۆن بە تایبەتیش ئەدەب و زمان و هونەرو شوێنەوار و هزریش بە شێوەیەکی گشتی. بۆئەوەی بتوانێت بگاتە ناخی روحی دیۆنیسۆسی و روانینی دیۆنیسیسیانە بۆ ژیان. ئەم روانینە نیچەی گەیاندە شۆپنهاوەر. (2)

شۆپنهاوەر بە باسەکانی سەبارەت بە رەشبینی و ئازارەکانی ژیان و قوڵبوونەوە تێیاندا و بە تایبەتیش (ئیرادەی ژیان) کاریگەی قوڵیان لەسەر نیچە بە جێهێشت. هەر بۆیەشە نیچە کەوتە بن کاریگەری میوزیکی ڤاگنەریش چونکە شۆپنهاوەر وای دەدیت کە میوزیکی ڤاگنەر بەجێهێنانی فەلسەفەی شۆپنهاوەرە لە میۆزیك بەتایبەتی و هونەر بە گشتی. چونکە میۆزیك دەتوانێ بەرجەستەی ئیرادەی ژیان بکات کە ئیرادەی هەبوونە.وێنەکردنی هەڵچوون و داچوون و سێبەر و ئارامی و دژبەریەکان و بارە نالەبارەکانی ژیان و نەزعەکانییەتی بەو دارووخان و ئاواکردنەوە. میۆزیك بە زمانی خۆی دەربرینێکی راستگۆیانە لە ئیرادەی ژیان دەکات لە تەواوی گەوهەریدا، دەربرین لە تەواوی ئازار و تەواوی خۆشی دەکات لە جەوهەر و سروشتی خۆیاندا.(3)

نیچەش سەرەتا ڤاگنەری وەك کوڕی دیۆنیسۆسی خواوەند دیتەوە.روحی دیۆنیسۆس بوو، بۆیە نیچە لە گوێگرتنی لە ڤاگنەر هەستی بە چێژی سەرخۆشییانەی دیۆنیسۆس دەکرد. لەو میۆزیکەدا ئەو رزگاییەی دیتەوە کە شۆپنهاوەر داوای دەکرد میۆزیك بەجێی بگەیەنێ.

لێرەدا پێش ئەوەی زیاتر رووبچینە ناو پەیوەندی نیچە و شۆپنهاوەر کورتەیەك لەسەر دیۆنیسۆس پێشکەش دەکەین:



## دیۆنیسۆس:

Dionysos دیۆنیسۆس خواوەندی شەراب و سەرخۆشییە لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا، کوڕی زیۆسی خواوەندە، هەم لەدایکبوونی و هەم ژیانی جێگەی سەرنجە، چونکە دیۆنیسۆس بەرهەمی خواوەند و مرۆڤێکە، بەوەی لە زیۆسی خواوەند و سێمێلێ کە ژن بووە لە دایکبووە. بۆیە دیۆنیزۆس لە باوکی بووە نەوەك لە دایکی. زیۆس

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

دیۆنیسۆس لە زگی دەهێنێتە دەر و بۆماوەی سێ مانگ لە رانەکانی هەڵیدەگرێت.بۆ ئەوەی لەدایکبوونەکەی بە شێوەیەکی تەواو بێت. لە دایکبوونی دیۆنیسۆس دەبێتە هۆی تورەبوونی (هیرا)ی خواوەندی ژنی زیۆس. بۆیە زیۆس دیۆنسیۆس دەکاتە کچ و رادەستی (ئاتاماس و ئینۆ)ی دەکات بۆ ئەوەی بەخێوی بکەن. بەڵام هیرا وازی لێنەهێنا و ئاتاماس و ئینۆی شێت کردن، بۆیە زیۆس دیۆنیسۆسی کردە (جدی) بۆ ئەوەی لە هیرای بشارێتەوە. لەوێش هەندێ پەری چاودێرییان کرد.

کاتێك زیۆس گەیشتە تەمەنی باڵقی، بەهۆی نەفرەتەکانی هیراوە شێت بوو بە جیهاندا وەربوو. چووبایە هەر شوێنێك خەڵکی فێرە چاندنی ترێ و دروستکردنی شەراب دەکرد. کاروانە تراژیدییەکانی دیۆنیسۆس بەردەوامبوو لە نێوان میسر و سوریا و یۆنان و تراس.دوای ئەوەی لە شێتی رزگاری بوو و فێری ریسا‌کانی خواوەند سیبێل بوو ویستی چاندنی ترێ و دوستکردنی شەراب بخاتە ناو ریساکانییەوە. بەڵام شا لیکۆرگ فەرماندەی ناوچەی تراس بەرهەڵستی کرد و باخانییەکان یان باخوسییەکان (یاوەرانی دیۆنیسۆس)ی بەندکردن.دیۆنیسۆس هەڵدێتە لای سیتس(Thetis) دوای ئەوە دیۆنیسۆس دەتوانێت باخوسییەکان ر زگار بکات و لیکۆرگیش شێت بکات و خاکی تراسیش وشك دەکات.

ئنجا دیۆنیسۆس رێساکانی بەهەموو ولاتێکدا بلاودەکاتەوە کە پیایدا تێپەر دەبێت، ولاتانی حەوزی دەریای سپی ناوەراست رێساکانی پەیرەو دەکەن.دوای ئەوە دیۆنیسۆس لەگەڵ باخوسییەکان روودەکاتە هند. لەو ولاتانەدا هێزێکی زۆر نیشان دەدات، زۆر لە میللەتان دەچنە سەر دینەکەی. دوای دیۆنیسۆس دەگەرێتەوە ئۆڵمپ و لەلایەن خواوەندەوە پێشوازی لێدەکرێت و مافەکانی بە تەواوی وەردەگرێتەوە. سێمێلێی دایکی لە قولایی دۆزەخ دەردەهێنێت و بەرزی دەکاتەوە بۆ کەشکەلانی ئاسمان.

رێساکانی دیۆنیسۆس لە هەموو ولاتانی یۆناندا بلاودەبێتەوە، ناوی دەبێتە هێمایەك بۆ هێزی کارا کە لە دنکە ترێ و هەموو رووەکێکدا هەیە. هەروەها لە هەمان کاتدا دەبێتە خواوەندی باخچە و دارستانەکان.هەروەها خواوەندی ئاو وەك رەگەزێکی شل و سەرچاوەی یەکەمینی ژیان.ناوی دیۆنیسۆس بووە هێمای ژیانی خۆشنوودی، ئەو ئاهەنگانەی باخوسییەکان بە گۆرانییەوە دەیانگێران رۆمانییەکان ناوی باخوسیان لە دیۆنیسۆس نا. لەمەش گرنگتر یۆنانییەکان دیۆنیسۆسیان بە خوای پارێزگاری هونەرە جوانەکان دانا. بەتایبەتیش تراژیدیا و کۆمیدیا کە لە ئاهەنگەکانی دیۆنیسۆس کە باخوسییەکان دەیانگێران پەیدابوون.

دیۆنیسۆس ئەم خواوەندە دەرکراوەی کە بە شێتی بە جیهانەوە وەربوو، خەڵکی فێردەکرد بە دروستکردنی شەراب پارێزگاری لە ژیان بکەن.وێنەی دیۆنیسۆس لە کارە هونەرییەکاندا وەك خواوەندێکی گەنج کە دەستەگوڵێکی لە دارمێو و وشیە ترێ لەسەر وێنەکراوە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

لەو کاتەی کە دیۆنیسۆس بچووك بوو و بە جیهاندا وەربوو، خواوەندەکانی یۆنان بوونە بوونەوەری عاقڵ و ماقوڵ. قبوڵیان نەبوو شەوبێداری بگێڕن. نەسغی ژیانییان رەت دەکردەوە.بەم شێوەیەش ئیندفاعی زیندوویان کوشت.

دیۆنیسۆس خوای دەرکراو پێچەوانەی هەموو خواوەندەکان بوو، رەمزی شێتی و ناعەقڵ بوو، هێمای شەراب و سەرخۆشی و هەر شتێك بوو کە عەقڵ و عەقلانییەتی نەدەهێشت. بۆیە دیۆنیسۆس یۆنان بەجێدێڵێت بۆ ئەوەی ململانێی سستەمەکانی عەقڵ بکات و ئەو میللەتانە رزگار بکات کە ئەو بەهایانە هەڵدەگرن کە خزمەتی ژیان ناکەن. دیۆنیسۆس خوایەکە لە لایەن خواوەندەکانی ئەقڵەوە دانی پێدانەنراوە. چونکە ئەو رەمزی شێتی و ملهوڕییە. رەمزی رووچوونی بەها باوەکان و مسالییەکانە.رەمزە بۆ ئیندفاعی زیندوو و چالاك. بەکورتی ئەو رەمزی ژیانە.(4)

ئەمە دیۆنیسۆسی یۆنانییەکان بوو، خواوەندێك سەرەتای ژیانی تراژیدیا و ئێش و ئازار بوو، دیۆنیسۆس وێنەی پاڵەوانێکە لە نێو ئازارەکانیدا خەبات دەکات تا خودی خۆی دەسەلمێنێ و پەیامەکەی دەگەیێنێ.کە دواتر نیچە دێت و وەك رەمزێك بۆ ئیرادەی ژیان و هەڵگری بەهایەکی دژ بە ئەقلانییەتی رۆژئاوا تەماشای دەکات و لەویشەوە رەخنە لەو ئەقلانییەت و گیانە زانستییە دەگرێت کە لەگەڵ سوکرات و ئەفلاتۆن دەست پێدەکات و دواتریش مەسیحییەت لە چاخەکانی ناویندا ئەخلاقێکی کۆیلایەتییانەی پێ دادەمەزرێنێت.



گیانی دیۆنیسیانە لە بەرامبەر گیانی زانست و ئەقلانییەتدا لە لای نیچە لە بەرامبەر یەکدی دەوەستنەوە، گیانی زانستی کە نیچە سوکرات بە دامەزرێنەری دەزانێت و دەڵێ : ( گیانی زانستی لە رۆژانی سوکراتەوە سەریهەڵدا، کە خۆی لە زانینی سرووشت و هەقیقەتەکانی دەبینێتەوە.کە زانینیش لە خۆیدا هەڵگری خەلاسی گەردوونییە) (5).

سوکرات کە فەیلەسوفێك بوو هەوڵی زانینی ئەدا و لای ئەو زانین چاکەکاری بوو، بۆ زانینیش پشتی بە بەکارهێنانی عەقڵ و دایەلۆگ و بەڵگەی لۆژیکی و عەقلانی دەبەست بۆ سەلماندنی راستی. بۆیەشە سەیر نیە کە سوکرات گومانی لە بەهای هونەرو تراژیدیا هەبوو بێت بەوەی کە هونەر پشت بە لێکدانەوەی ئەقڵ و بەلگەی لۆژیکی و مەرجە هۆکارییەکان نابەستێت. دیاریشە ئەم بۆچوونە لای ئەفلاتۆنیش راشکاوانە دەبینرێت و شاعیرەکانیش لە کۆمارەکەی ئەفلاتۆندا جێگەیان نابێتەوە، چونکە شعر پشت بە هەست دەبەستێت و تەنیا شێوەی دیاری شتەکان نیشان دەدات و شتێکی بێکەڵکە.



کاریگەی سوکرات تەنیا لەسەر ئەفلاتون نەبوو،بەڵکو لەسەر شاعیرێکی گەورەی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

وەك (ئۆرپید) یش رەنگیدایەوە. چونكە ئەویش پێشبەرییەكانی سوكراتی وەرگرتن و لای ئەویش هەموو شتێك پێویستە ئاگامەند بێت بۆ ئەوەی جوان بێت. بەمەش ئوریپید وەك نیچە دەڵێت شوێنهەڵگری شەیتانی سوكرات بوو.(6). چونكە جوانی جوانی لای ئۆرپید لەسەر بنەمای ئەقڵ و ڕێكخستن و بوویەری ڕۆژانەدا دادەمەزێت. كە لە كارەكانی ئۆرپیدا رەنگیان دایەوە.لە شعرە تراژیدیاكانیشیدا بینەری بەرزكردەوە سەر تەختەی شانۆ.بۆیە بینەر كورسییەكانی جێدەهێشت بەرەو تەختەی شانۆ. بەم شێوەیە وەكچۆن سوكرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە دابەزاندە زەوی. ئۆرپیدیش تراژیدیای لە ئاسمانەوە داگرتە زەوی. تراژیدیاش لای ئۆرپید وایلێهات بایەخ بە مرۆڤی ئاسایی بدات و لەسەر خەمە رۆژانەییەكان و ئاریشە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان بنووسێت.(7)

ئۆرپید بە پێچەوانەی ئەسخیلۆس و سۆفۆكلیس، بینەرەكانی كردنە دادوەر و مامۆستا بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر كارە هونەرییەكانیان بدەن. بۆیە ناچاربوو لەو شتانە بگەڕێ كە بینەر رازی دەكات و ئارەزووەكانیان تێر دەكات لەسەر تەختەی شانۆدا. بۆیە نیچە دەڵێ :بینەر لەگەڵ ئۆرپیدا ،لە ژیانی رۆژانەییدا بووە مرۆڤێكی مشەخۆر لەسەر تەختەی شانۆدا) (8)

بەم شێوەیە گیانی زانستی لە لای سوكراتدا بووە گیانی ئەو كەسەی باوەڕی بە سەروەركردنی ئەقڵ و لۆژیك و دایەلۆگ هەیە و گەشبینە بە زانست و گەیشتنە هەقیقەت و چاكەكاری و بەختەوەری. روحی زانستی دڵنیایە كە نەك هەر دەگاتە بنەچەی كائنەكان بۆ تەنیا ناسینی بەڵكو بۆ راستكردنەوەشی.

بەم شێوەیە ئەم گیانە زانستییە كە ڕێزی هونەر و شعر ناگرێت و غەریزە نەفی دەكاتەوە. كە غەریزەش لە لای نیچەدا جەستەیە. جەستەش هێزێكی چالاك و بزۆزە بەرەو نادیار. جەستە لە لای نیچە ئیرادەی ژیانە.یان ژیان خۆیەتی. لە كاتێكدا لە لای سوكراتدا غەریزە دەبێتە رەخنە و ئاگاییش داهێنان، لە كاتێكدا نیچە رێك پێچەوانەكەی دەبینێت. لەم دیدەوە سوكرات و گیانی زانستی دەبنە نەفیكردنی ژیان. ئەم گیانە زانستییە فێڵ و رەزالەتێكە كاری غەریزە و فراوانی ژیان دەشارێتەوە. غەریزە لە زانست و لۆژیك و دایەلۆگ و قسەی تیۆری گەورەترە. لە ئاگایی و عەقڵیش مەزنترە.گیانی زانستی(ترسانە لە رەشبینی و ڕێگەیەكی هەڵاتنە لێی)(9) گیانی دیۆنیسۆسی كە سەرچاوەی تراژیدیایە، بەوەی دیۆنیسۆس پاڵەوانی سەرەكی ئاهەنگەكانە و سرووتی ئاهەنگەكانیش لە دەوری ئەو دەسوڕێنەوە.



نیچە وەك عەبدولرەحمان بەدەوی دەڵێ لە سێ روانگەوە هێرشی ئەقڵ دەكات:

یەكەمیان: مەنتق یان لۆژیك وەهمێكی مەبەستدارە، بنەماكانی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

بیر ( شت، جەوهەر،خود، بابەت، هۆکار و مەبەست و هتد...) تەنیا چەند وەهمێکی پێویستن بۆ ژیان،سوودمەند و مەفابەخشن،کەرەستەیەکن بۆ خاوەنداریەتی و دەست بەسەرداگرتن. ئەقڵ دەبینێ کە پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە، بۆیە دایان دەهێنێ و لەسەر جیهان و هەبوونی هەقیقیدا دەیانسەپێنێ.

لە لای نیچەدا هەبوون گۆڕانێکی بەردەوامە و سەیرورەیەکی هەمیشەییە، ئەقڵیش تەنیا وەسیلەیەکە بۆ ژیان و ناتوانێت هەبوونی هەقیقی یان هەقیقەت بناسێت، بەمانای ئەوەی سەیرورەی بەردەوام بناسێت. ( ئەقڵ وا دانەمەزراوە بۆ ئەوەی درك بە سەیرورەت بکات بەڵکو بەرەو دیارکردنی جێگیربوونی گشتی دەڕوات) سەیرورە پێچەوانەی ئەقڵە ، ئەقڵ و سەیروەوت یەکتری نەفیدەکەنەوە.

دووەمیان: نیچە دەڵێ مرۆڤ لە ژیانیدا پێویستی بە ئەقڵ نیە، ئەقڵ مەترسیدارە و مومکین نیە، ( چونکە ناماقوڵییەتی شتێك لە شتەکان هەنجەتێك نیە دژی هەبوونی، بەڵکو ڕاستتر ئەوە مەرجێکە بۆ هەبوونی ئەو شتە)چونکە هەبوون سەیرورەیە، کەواتە هەقیقەتی هەبوون جەوهەرەکەیەتی و لەگەڵ ئەقڵ پێچەوانەیە و لەگەڵ مەعریفەی ئەقڵیش دژ دێتەوە. نیچە گووتویەتی( ئەو شتەی دەتوانرێت لە ڕێی ئەقڵەوە وێنای بکرێت، دەبێت وەهم بێت و هەقیقەتی نەبێت)

ئەقڵ مەترسیداریشە چونکە ئیدیعای مەعریفەی هەموو شتێك و درککردنی هەموو شتێك دەکات.ئەگەر وابوایە ئەوە مرۆڤ نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بژی ( ئەگەر مرۆڤایەتی بە پێی ئەقڵ بەرێوەچووبا واتە لەسەر بنەمای (هزرەکانی) و (زانینی) ئەوە لەمێژ بوو لەناوی بردبوو) چونکە لە ڕێی ئەقڵدا تەنیا شتێکی کەمی زانیوە کە بە ڕەهایی بەشی هەموو ژیان ناکات.

هەروەها مومکینیش نیە، چونکە ئەقڵ تەنیا یەك نیە، زۆر ئەقڵ هەن کە جیاوازن. لێرەدایە کە بۆچوونەکان سەبارەت بە شتێك جیاواز دەبن و ئاڵۆز دەبن. بۆیە مەودای ئەوە نیە بە شێوەیەکی (ڕەها و گشتگیر باس لە ئەقڵ بکەین)

سێەمیشیان: نیچە ئینکاری ئەو وەهمە دەکات کە فەیلەسوفەکان بەدوایدا ڕۆیشتوون کاتێك پێیانوابوو ئەقڵێکی گشتی هەیە حوکمی گەردوون دەکات و باڵی بەسەردا کێشاوە. کە هەموو دیاردەکان و ڕووداوەکانی ماقوڵ دەکات ( ئەو تاکە ئەقڵەی دەیناسین ئەو ئەقڵە کەمەیە کە لە مرۆڤدا هەیە) ئەقڵ شتێکی کەم وێنەیە لە هەبووندا، زۆربەی شتەکانی ژیان بێ ئەقڵ بەرێوەدەچن. هەتا ئەقڵی ئێمەش، کە تەنیا ئەقڵێکە دەیناسین ئەقڵێکی بێگەرد نیە. بۆیە ئەو فەیلەسوفانە خەیاڵپڵاون کە وێنای هەبوون لەسەر شێوەی ئەقڵێکی ڕەها دەکەن.)



بۆیە نیچە هێرشی کردە سەر هەموو ئەو فەیلەسوفانەی بڕوایان بە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

هەبوونی جێگیر هەبوو نەوەك بە سەیرورە.کاتێك پارمەنیدس گووتی (مرۆڤ ناتوانێت شتێك بە ئەقڵی وێنا بکات کە نەبێت) نیچە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: (ئەوەی بە ئەقڵەوە وێنای دەکرێ دەبێت وەهمێك بێت هەقیقەتی نەبێت) هەروەها نیچە هێرش دەکاتە سەر سوکرات و پێی وایە ئەو یەکەم کەسە ئەقڵی پیرۆز کردووە و داوای پەرستنی کردووە. تا پێی وابوو کە تەنیا ئەقڵ یان مەعریفە



دەتوانێت مرۆڤ بکاتە خێر. چاکەکاری لە لای ئەو لەسەر مەعریفە دادەمەزرێ. بۆیە نیچە پێی وایە هەڵوەشانەوەی فەلسەفەی یۆنانی لە سوکراتەوە دەست پێدەکات. فەلسەفەی سوکرات و خوێندکارەکانی فەلسەفەی ڕۆچوونە.

لە لای نیچەدا لە پاڵ جیهانی دیاردەکان جیهانێکی دیکە هەیە کە جیهانی هەقیقەتەکانە. کە جیهانی درککراوی ئێمەیە. ئەمەش وەك جیاوازکارییەکەی کانتە لە نێوان دیاردەی شتەکان و شتەکان لە خۆیاندا. یان جیهانی وێنەکان و ڕووناکی وێنەکان لە لایەن ئەفلاتوندا.(10) وەك لە شوێنێکی دیکەشدا باسمان کرد لە لای شۆپنهاوەریشەوە جیهان دابەش دەبێتە سەر دوو بەش جیهانی نواندنەکان و جیهانی ئیرادە.

شۆپنهاوەر گووتی کە جیهان ئیرادەیە، جەوهەری هەبوون ئیرادەیە.کاتێکیش ئیرادە شتێك بوو هەمیشە مرۆڤی پاڵ دەدا و بەردەوام ئارەزووی نوێی پێدەبەخشی، کاتێکیش ئیرادە هەموو شتێك بوو لە هەبوون و لەدەرەوەشی شتێك نەبوو. ئەوە هەمیشە بە تێربوون و ڕازیبوون دەمێنێتەوە چونکە ناتوانێت شتێك لەدەرەوەی خۆیدا بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی تێر بکات و شەهوەتەکانی ڕازی بکات. بۆیە ئیرادە هەمیشە بە برسی و ناڕازی دەمێنێتەوە. خۆشی لە ژێر دەمامکە زۆررو دیارەکانی ژیاندا دەبینێتەوە. لەبەر ئەمە هەبوون چ ئامانجێکی نیە. ئامانجی زانستیش بۆ ئەمە لەناوبردنی ئیرادەی ژیانە، واتە فەنابوون. کەواتە ئیرادەی ژیان شتێکە دەبوایە نەبوایە.

شۆپنهاوەر کە دەڵێ ئیرادە جەوهەری هەبوونە، جەوهەری ژیانە.دوای ئەوە ویستی لە دەرەوەی ژیاندا ئامانجێکی بۆ بدۆزێتەوە. کاتێکیش هیچی نەدۆزییەوە، چونکە ئیرادە هەموو شتێکە. نەفرەتی

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

له ژیان کرد و ئومێدەوار بوو گەردوون لێی خەلاس بێت. هەڵەی شۆپنهاوەر لێرەبوو کاتێك لە دەرەوەی ژیاندا داوای ئامانجێکی بۆ کرد. لە کاتێکدا ژیان هیچ ئامانجێکی نیە تەنیا خۆی نەبێت.(11) دواتر دەبینین لەلای نیچەدا جیهانی دیاردەکان و جیهانی هەقیقەتەکان هەردووکیان لە ناو دەبرێن،بەوەی هەبوون جگە لە ژیان هیچی دیکە نیە، ژیانیش تەنیا ئیرادەیە. ئەم ئیرادەیەش تەنیا ئیرادەی هێزە.



ئیرادەی ژیان لە لای شۆپنهاوەردا بریتییە لە ئیندیفاعی کوێرانەی مرۆڤ بەرەو ژیان، نەوەك ئیندیفاعێکی عاقڵانە. ئیرادەش لە لای شۆپنهاوەردا تەنیا کارە مەبەستدارەکانی مرۆڤ نین بەڵکو عادات و غەریزەکان و مەیل و ئیندیفاعە جۆراوجۆرەکانیشیەتی.ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیرادە لە کاروانی خۆیدا راوێژ بە ئەقڵ ناکات. (12) لە لای شۆبنهاوەردا لە پشت ئەقڵی ئاگاوە ئیرادەیەکی هەستی و نەستی هەیە، کە هێزێکی زیندوو و چالاك و ئەکتیڤە. ڕێبەرایەتی مرۆڤ دەکات بۆ ژیان. کاتێکیش ئێمە شتێکمان دەوێت لەبەر ئەوەنیە کە هۆکارمان هەیە بۆ ویستنی ئەو شتە، بەڵکو ئێمە ئەو شتەمان دەوێت بۆیە هۆکاری بۆ ئەخوڵقێنین. لێرەدا شۆبهاوەر مرۆڤ بە ئاژەڵی میتافیزیکی وەسف دەکات، چونکە ئاژەڵەکانی تر بێ میتافیزیك ئارەزوو دەکەن. کەچی مرۆڤ بەرژەوەندی و ئارەزووە تایبەتییەکانی بەرەو پێشەوە دەیبەن. بۆیەشە شۆبهاوەر دەڵێ وادیارە کە مرۆڤ بەرو پێشەوە پەلکێش دەکرێت بەڵام لە هەقیقەتدا وانیە بەڵکو مرۆڤ لە پشتەوە پاڵی پێوەدەنرێت. ئەقڵیش تەنیا لە خزمەتی ئیرادەدایە، هەتا جەستەش بەرهەمی ئیرادەیە، بەڵکو جەستە بەرجەستەکردنی ئیرادەیە. بۆیەشە جەستە وەڵامدەرەوەی ئارەزووە سەرەکییەکانی ئیرادەیە.ئیرادە پێویستی بە خۆراك نیە و وەك ئەقڵیش ماندوو نابێت،ئیرادە بە گوێرەی سرووشتی رەسەنی خۆی کاردەکات، بێ ئەوەی شتێك لەدەرەوە بێزاری بکات، زوك ئەقڵ نیە کە لەرێی چالاکی ئاوەزدا و ئەو کارکردنەی ماریفە دەیکات ماندووی بکات، بۆیە لە کاتی نووستنیشدا هێزی ئیرادە بەرەو پارێزگاریکردنی جەستە و چاکترکردنی کاردەکات. بۆیە لە خەوتندا چارەسەری بۆ هەموو تەنگژەکانی ژیان دەدۆزینەوە. ژیانیش خەباتە لە دژی نووستندا. سەرەتا بەسەریدا سەردەکەوێت بەڵام لە دواتردا نا، نووستن پارچەیەکە لە مردن وەریدەگرین بۆ ئەوەی ئەو بەشە ژیانەی پێ بپارێزین کە لە رۆژدا خەرجمان کردووە.(13)

ئیرداە لای شۆبهاوەر جەوهەری باتنی و گەورەترین نهێنی هەبوونە. هەبوونیش بەرجەستەکردنی بابەتییانەی ئیرادەیە.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

جیهان وەك نواندن وەهمە، چونکە بریتییە لە کۆمەڵێك دیاردەی نەبڕاوە کە لە دەرەوەدا هیچ هەقیقەتێکیان نیە، بەڵکو هەموو هەبوونی خۆیان لە خودەوە وەردەگرن و کاتێك دەنوێنرێن. ئەگەر لە هەبوون رابمێنین چی دەبینین؟ ئینداعێك بۆ هەبوون. و پاڵپێوەنانێك بۆ مانەوە.زیندەوەرەکان بە دڵگەرمییەوە دەیانەوێ ژیان بکەن، دەربڕین لە هەستی ژیان دەکەن. هەمووشیان لە ناو یەك شەپۆلدا رێدەکەن کە ئەویش رێگەی ژیانە.یەك پاڵنەریان هەیە کە ئەویش پاڵنەری ژیانە. ئەوان تەنیا یەك ئیرادە بەرجەستە دەکەن کە ئەویش ئیرادەی ژیانە. هەرچەندە ئەگەر زۆر شکل و شەمایلی هەبێت یان چەند زەمانێکی هەبێت بەڵام ئەوە ئیرادەی ژیانە دەربڕین لە خۆی دەکات.

لە سرووشتدا هێزە سرووشتییەکان دەربڕین لە ئیرادەی بابەتییانە دەکەن، وەك چۆن کردارەکانی مرۆڤیش دەربڕین لە ئیرادەی دەکەن یان شێوەی ئیرادەن لە مرۆڤدا.(14) ئیرادە لە ئەقڵەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو بۆیەشە پەیوەندییەکانی مرۆڤیش زیاتر لەسەر بنەمای ئیرادەن نەوەك ئەقڵ. ئەو پەیوەستانەی لەسەر ئەقڵ دادەمەزرێن بە خێرایی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچن. ئیرادەی ژیان لەسەر خودی خۆی دەژیەت جەهەرەکەشی هێزییەتی. بۆیە لە سرووشتدا ئەوەدەبینینەوە کە هەمووی ململانەیەکی بەردەوامە لەسەر مانەوە بالآکان بەسەر نەویەکاندا سەردەکەون و لەسەر حسابی ئەوان دەژیەن. ئەمەش دەربڕینی زەحمەتی ئیرادەیە بە سرووشتی خۆی لە گەڵ خۆیدا. هەر لێرەشەوە ئازارە زاتییەکەی و دژایەتی لە گەڵ خۆیدا دژایەتییەکی جەوهەرییە. هەموو زیندەوەرەکان لەسەر کەلاکی یەکتری دەژین، مرۆڤ بە هۆی پێکهاتەی خۆییەوە بە راو گرتن و کوشتنی ئاژەڵەکانەوە خەریکە.بۆ خواردن و بەردەوامکردنی ژیان.هەروەها ئاژەڵەکانیش هەروا یەکدی راودەکەن. هەروەها لە نێو رووەکانیشدا شەرێکی نهێنی هەیە وا دەکات رووەکێك رووەکێکی دیکە بخوات. ئەگەر ئەو تەرازووکردنەی سرووشت خۆی نەبوایە کە پارێزگاری ژیان دەکات، ئەوە دەمێك بوو ژیان لەناوچووبوو. ژیان خۆی خۆی دەخواتەوە. هەموو هەبووەکانی سەر رووی زەوی لە مرۆڤ و رووەك و ئاژەڵ و بێگیانەکانیش گیرۆدەی ئەو هەڵلوشین و شەهوە هەمیشەییەن بۆ خواردنی یەکدی بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنن.ئەو راوکردنە . راوکردنێکی ئاڵوگۆڕە کە وادەکات خواردن و لەدایکبوون بە شێوەیەکی بازنەیی بەردەوام بێت لە نێوان ئەوەی دەخواو ئەوەی دەخورێ، ئاڵوگۆڕکردنی رۆڵەکان وادەکات بخۆر بێتە خواردراو و خواردراویش ببێتە بخۆر.

ئیرادە ئیرادەی ئەوپەڕی ژیانە. ژیانیش لای هەموو زیندەوەرەکانەوە ئازیزە، مردنیش دوژمنی ژیانە.ترسان لە مردنیش سەرەتای فەلسەفە و هۆکاری کۆتایی دینەکانە. مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت گونجانێك لە نێوان خۆی و مردندا دروست بکات. بۆیەشە کۆمەڵێك فەلسەفە و دینی داهێناوە. ئەو بیرۆکانەی کۆنترۆڵی مرۆڤ دەکەن لە باوەڕەکانەوە بە نەمری بەڵگەیەکە بۆ ترس و تۆقینی مرۆڤ لە مردن.

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

بەڵام مردن ناگاتە ئیرادەوە بەڵکو تەنیا شێوازەکانی ئیرادە دەگرێتەوە.وەك نووستن چۆن سەری مرۆڤ دەگێڕێ بێ ئەوەی کیانی لەناو ببات. چونکە ئیرادە لە دەرەوەی زەمەن دایە بۆیە هەموو کاتێك ئامادەیە و هەیە.

شۆبنهاوەر دەڵێ هەموو زیندەوەرێك بێ جیاوازی لە مردن دەترسێت بەڵام ڕێژەی زانینیان بۆ مردن جیاوازە.ئاژەڵیش لە مردن دەتۆقێت بەڵام ئەو مردنی ناناسێت کە لێی دەترسێ، چونکە ترس لە ماریفەوە نیە، بەڵکو لە ئیرادەوەیە. مەعریفە سەرچاوەکەی عەقڵە. وابەستەبوون بە ژیان سەرچاوەکەی لە عەقڵ و بیرکردنەوەوە نایەت.بەڵکو وابەستەبوونمان بەو کاتە کورتەی خۆمان لە بەرامبەر کاتی بێکۆتایی هەبوون، بزافێکی کوێرانەی نائاقڵە. هیچ ڕاڤەیەکی بۆ نیە تەنیا ئەوە نەبێت کە کیانی ئێمە تەنیا ئیرادەیەکی بێگەردە بۆ ژیان.ئەو ئیرادەیە لە خود و سرووشتی خۆیدا کوێرانەیە و خاڵیە لە هەر ئەقڵ و ماریفەیەك. ماریفە بە پێچەوانەوە وابەستە نیە بە ژیان. بۆیە ئێمە بە پێچەوانەی ماریفە دەکەین. عەقڵی مرۆڤ لە مردن ناترسێت بەڵکو ئیرادەی کوێرانە، ئیرادەی ژیان کە هیچ ئامانجێکی نیە تەنیا بەردەوامی ژیان نەبێت. لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە مردن تخونی ئیرادە ناکەوێت و تەنیا شێوازەکانی دەگرێتەوە. بۆیە پێویست ناکات لە مردن بترسین چونکە ئیرادە ناگرێتەوە. ئەگەر ئێچمە پێمان وابێت کە فەنا دەبین و بۆ ئەبەد ناگەڕێینەوە ئەوە ڕاست نیە بە پێەوانەوە جیهان فەنا دەبێت و جیهانی نواندنەکان، بەڵام جەوهەرە باتنییەکەی بەبەردەوامی دەمێنێتەوە . ژیاتن جەوهەری ئیرادەیە، ئیرادە حزورێکی بەردەوامە. ئێستا(الحاچر) هەبوونە. ئەوە وەهمە کە ئێستامان بۆ دابەش دەکاتە سەر دوو جۆر، جۆرێك دەگەڕێتەوە سەر بابەت و ئەویدیکەش خود. هەرچەندە هەردووکیشییان یەکن. شۆپنهاوەر دەڵێ چونکە ئێستا خاڵی بەیەککگەیشتنە لەنێوان بابەت و وێنەکەی زەمان، لە گەڵ خود کە وێنەی نیە، بابەت ئیرادەیە و بۆتە نواندن، خودیش میوانداری پێویستی بابەتە. بەڵام بابەتە هەقیقیەکان هەبوونیان نیە ئەگەر لە زەمەندا نەبن ڕابردوو و داهاتوو تەنیا دوو تەجریدن بۆ ئەقڵ و ئەشباحەکان. ئێستا ، وێنەی جەوهەرییە کە لە دیاردەی ئیرادە جیاناکرێتەوە. ئێستا بەتەنیا هەبوونی بەردەوامە. کە هەمیشەش جێگیرە سەرچاوەی ناوەڕۆك و هەڵگرەکەی ئیرادەی ژیانە. یان (شت لە خۆیدا) یان بە دەربڕینێکی تر ئێمەین خۆمانین. (15) بۆیە هەموو کەسێك دەتوانێت بڵێت " من بەردەوام خاوەنی ئێستام،وەك سێبەریش بۆ ئەبەدییەت لەگەڵمدایە،بۆیە بۆم نیە پرسیار بکەم ئێستا لە کوێ هات، و چۆن لەو ساتەدا هەیە، ئێستا تەنیا وێنەیە کە ئیرادە سەبارەت بۆخۆی تیایدا دەردەکەوێت. ئیرادەش بۆ ئەبد نایەوێت بێ ئەو وێنەیەش هەر هەیە. ئەوەی هەبوونی وەك کە هەیە خۆشبوێ ، ئەوەی ژیان بە هەموو هێزەکانییەوە دووپات بکاتەوە، دەتوانێت بێکۆتایی درێژی بکاتەوە و ترسی مردن تورِ هەڵدات، بەوەی مردن وەهمێکە بێ هۆکار ترسی لەلا دروست دەکات. ترس لەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێستا لەدەست بدات" (16)

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

ئیرادە نەمرە. سرووشتیش نەمری بەهۆی ئامرازێکی بەهێزەوە مسۆگەر کردووە کە ئەویش غەریزەی سێکسیە. کە لەم غەریزەیەدا روونترین شێوازەکان و توندوتیژترین شێوازەکانی جەختکردنەوەی ئیرادەی ژیان لەسەر خۆی دا هەیە.

مرۆڤ کە لە مردن دەترسێت بۆیە هەوڵ دەدات ئەوەندەی پێی بکرێت لایدا یان دوای بخات.زۆر رێگە و فرت و فێڵ دەگرێتە بەر، لە رێی غەریزەی سێکسیشەوە ئیرادەی ژیان بەسەر مردندا سەردەکەوێت.

( ماویەتی)


1. وفیق غریزی، شوبنهاور وفلسفة التشاؤم. ص 45
2. عبدالرحمن بدوي ، نیتشه ص 11
3. عبدالرحمن بدوی نیتشه ص 12
4. محەمەد مەزوز
5. ادریس الجیری مفهوم التراجیدیا عند نیتشه
6. ادریس الجیری مفهوم التراجیدیا عند نیتشه
7. هەمان سەرچاوە.
8. هەمان سەرچاوە.
9. هەمان سەرچاوە.
10. عەبدولرەحمان بەدەوی لاپەرە 208
11. هەمان سەرچاوە لاپەرە 222
12. شوبنهاور وفلسفة التشاؤم لاپەرە 110
13. هەمان سەرچاوە لاپەرە 114
14. هەمان سەرچاوە لاپەرە 117
15. هەمان سەرچاوە لاپەرە 123
16. هەمان سەرچاوە.لاپەرە 123